کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
19-11-2007 15:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هێنری کیسینجەر: بۆ ئاشتی ناوچەکەو چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوە چەوساوەکان، پێویستە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رادەستی تورک بکرێ! ... دەرسیم دیبەگەیی

11. 11. 2007یەکشەممە
Darsim2006@hotmail. com

بۆچوونەکانی تورک سەبارەت بەکورد، بیروبۆچوونی شۆڤینیو رەگەزپەرستانەی بێوێنەنو، لەهەموو جیهاندا هاوتایان نییە، باوەڕناکەم، بەقەد ئەوەی کە تورک دژایەتی کورد دەکاتو هەوڵی سڕینەوەی نەتەوایەتیمان دەدات، هیچ نەتەوەیەکی تر لەسەر گۆی زەوی هەبێتو، دژایەتی نەتەوەیەکی تر بکاتو هەوڵی سڕینەوەو بەجینۆسایدکردنی بدات! یاخود ئەوەندەی کە تورک رقی لەکوردە، نەتەوەیەکی تر رقی لە نەتەوەیەکی تر بێتەوە ! نە کێشەی حکومەتی تورکی تەنیا لەگەڵ (پ.ک.ک) یە، نەکێشەی کوردیش بەتەنیا لەگەڵ حکومەتی تورکیایە، بەڵکو کێشەی تورکیا لەگەڵ تەواوی نەتەوەی کوردە جا لەهەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بن، هەروەها کێشەی کوردیش بەتەنیا لەگەڵ حکومەتی تورکیادا نییە، بەڵکو لەگەڵ تەواوی نەتەوەی تورکە، چونکە پەروەردەکردنی نەتەوایەتییان وابووە کە هەرگیز دان بەبوونی هیچ مرۆڤێکی کورددا نەنێن، نە وەکو تاکی کورد هەروەها نە وەکو نەتەوەش!



سەرەڕای ئەوەی کە کورد بەلای کەمەوە نزیکەی (5) هەزار ساڵێک دەبێت لەسەر خاکی خۆی کە کوردستانە نیشتەجێیەو، خاکی هیچ نەتەوەیەکی تری داگیرنەکردووە، بوونی تورکیش وەکو داگیرکەر کە نزیکەی (900) ساڵێک دەبێت، کەچی ئەوان خۆیان بەخاوەنی کوردستانیش دەزانن! بیروبۆچوونەکانی تورک لەبەرامبەر کورددا هەمان بیوبۆچوونی بەر لەو (900) ساڵەیە، کاتێک کە وەکو داگیرکەر هاتنو خاکی ئێمەو چەند نەتەوەیەکی تری لاوازو بێدەسەڵاتیان داگیرکرد، هزرو بیرکردنەوەیان هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووەو بەسەریشیدا نایەت !

بۆ نموونە: موفتی تورک، خواجە سەعدەددین کە لەساڵی (1599-1537) ی زایینی ژیاوە، لەیەکێک لە پەرتووکەکانی خۆیدا بەناوی (تاج التواریخ) دا، سەبارەت بە نەتەوەی کورد نووسیوێتی: (پێغەمبەری موسڵمانان دوعای لەنەتەوەی کورد کردووە، کە لەهیچ کاتو سەردەمێکدا یەکگرتوو نەبن، چونکە یەکگرتوویی ئەوان دەبێتە هۆی تێکدانی گشت جیهان) . بەدەگمەن ئەگینا تەواوی تورک ئێستاشی لەگەڵدابێ، هەروەکو خواجە سەعدەددین بیردەکەنەوەو، ترسیان لەکورد هەیەو پێیان وایە نابێت هەرگیز کورد ببن بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان. هەر ئەوەشە وای لێکردوون کە ئەو قسەیە بکەن بەپەندێکی تورکی کە دەڵێت: (نەدار دەبێت بەماشە... نەکورد دەبێت بە پاشا) . ئەوە نەک تەنیا تورکەکان، بەڵکو هەندێک لە تورکمانەکانی کوردستانیش زۆرجار هەمان قسەی تورکە تۆرانییەکانمان پێ دەڵێن: (ئەغەچتەن ماشە ئۆلماس، چوردتەن پاشا ئۆلماس) .
مام هەژاری هۆنەر لەلاپەڕە (16) ی (شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی) دا نووسیوێتی: (ئۆغوزخانی تورکستانی، بوغدوز ناوی کوردستانی ناردە لای پێغەمبەر. بوغدوز ئەوەندە ناشیرینو رەزاگران بوو، پێغەمبەر بێزی لەچڕوچاوی هەڵقرچاوی هەستاو لەداخانی توکو نەفرینی لەهەموو کوردی سەرزەمین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کرد!) . من تێناگەم! بۆ دەبێت بەهۆی ناشیرینی تاکە کەسێک، تەواوی ئەندامانی نەتەوەیەکی چل پەنجا ملیۆنی بێبەش بن لەهەموو ئازادیو خۆشییەکی ژیان؟ دوایی ئایا هەر ئەو خوایەی کە گوایە (محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا) ی دروست کردووە، هەر ئەویش نییە کە بوغدوزی دروستکردووە؟

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا لەساڵی (1923) دا، یەکەم دەستووری تورکی لەساڵی (1924) دا داڕێژراو، سەبارەت بەپێکهاتەی تورکیا لەبەندی (88) ی ئەو دەستوورەدا دەڵێت: (هەموو دانیشتوانی تورکیا بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەچەڵەکی، ئایینیو ڕەگەزی تورکن) .

کاتێک کە دەستووری دەوڵەتی تورکی هەموو نەتەوەکانی تری ناو سنووری دەوڵەتی تورکیا بکات بەتورکو، هاونیشتمانیانی تورک بەم بیروباوەڕە پەروەردە بکات، چۆن تورکەکان دژایەتی هەموو مافو داخوازییەکی نەتەوەیی کوردی ناکەن؟ چۆن کورد بەمەترسییەک بۆ سەر دواڕۆژی خۆیانو ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا نازانن؟

حیکمەت تاینۆ، کە ڕەگەزپەرستێکی کەم وێنەی تورکی بوو، لە لاپەڕە (640) ی پەرتووکەکەیدا لەژێرناوی (ئەتاتورکو ڕەگەزپەرستی تورکی) دا، کە لەساڵی (1961) دا بەچاپی گەیاندووە، نووسیویێتی: (تورکیا نیشتمانی تورکەو دەبێ تورک خاوەندارێتی بکات. هەر بۆیەشە دەبێ لەم نیشتمانەدا تورک دەسەڵاتدار بێو، بیروباوەڕی تورکی جێگیربێو نابێت لەسەر ئەم خاکەدا جگە لەتورک کەسی تر هەبێت. تەنیا خاوەنە ڕاستەقینەکانی تورکیا مافی ئەوەیان هەیە داوابکەن ئەو خەڵکانە بکرێن بەتورک، چونکە هەموو بەتورکی قسە دەکەنو دابونەریتو ڕەوشتی تورکی فێربووینە!) .

ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی حیکمەت تاینۆ نوێ نییە، بەڵکو هەر لەساڵی (1299) ی زایینییەوە کە خەلافەتی عوسمانی دامەزراوە، تورک بەم بیروباوەڕە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کورددا کردووەو، هەرگیز ئامادە نەبووە دان بنێت بەبوونی نەتەوەی کورد، جارێک لەژێر پەردەی ئیسلامدا کوردی بەبرای ئایینیو بەیەک ڕەگەز داناوە لەگەڵ تورک، جارێکی تر لەژێر پەردەی هاوخوێنی، هاوڕەچەڵەکی، هاوڕەگەزیو برایەتیدا، کوردیان گەڕاندۆتەوە سەر تورک.

عیسمەت ئینینۆ، سەرۆکی پارتی کۆماریو سەرۆک وەزیرانی تورکی لە (30) ی ئاوگۆستی ساڵی (1930) دا، لەشاری (سیواس) ی باکووری کوردستانداو لەئاهەنگێکدا گوتبووی: (لەم وڵاتەدا تەنیا نەتەوەی تورک مافی ئەوەی هەیە داوای مافی نەتەوەییو ڕەگەزی خۆی بکاو هیچ ڕەگەزێکی دیکە ئەو مافەی نییە) . دەقی قسەکانی سەرۆک وەزیرانی ناوبراو لەسەرەوەدا لە ڕۆژنامەی (ملت) ی تورکی، ژمارە (1636)، ڕۆژی (31. 8. 1930) دا بڵاوکراوەتەوە.

عیسمە ئینینۆ، یەکێک بوو لە هاوڕێ هەرە نزیکو دڵسۆزەکانی ئەتاتورک، لەدوای مردنی ئەویش لەساڵانی نێوان (1938-1950) دا سەرۆک کۆماری تورکیا بووە. ناوبراو لەساڵی (1923) دا سەرۆکی شاندی تورکی بوو بۆ کۆنگرەی لۆزانو لەوێدا گوتبووی: (کورد هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ تورکداو، هەرچەندە بەدوو زمان قسە دەکەن، بەڵام سەبارەت بە ڕەگەز، نەریتو ئایینەوە یەک نەتەوەنو تورکن) . جا ئەگەر ئەوە بیرکردنەوەو بۆچوونی سەرکردەکانی تورک بێت لەهەمبەر کورددا، تورکی ئاسایی دەبێت چۆن بیربکەنەوەو، لەئاست تەنیا مافە سەرەتاییەکانی کورددا کە بریتین لەقسەکردن بەزمانی کوردی، خوێندن، نووسین، پۆشینی جلوبەرگ، بیرکردنەوە وەکو کوردێک، دەربڕینی هەستو نەستی نەتەوایەتییانو هتد...، هەلوێستو پەرچەکرداریان چۆن بێت؟ جارێ هەر واز لەباسی مافی چارەی خۆنووسینو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردی بێنە لەباکووری کوردستان، کە ئەوان بەخاکی تورکیاو نیشتمانی تورکی دەزانن!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

مەحمود ئەسعەد بۆزکورت، وەزیری دادی تورکیا، لەساڵی (1930) دا لەکاتی سەردانێکیدا لەشاری (سیواس) ی باکووری کوردستاندا گوتبووی: (ئێمە لەوڵاتێکدا دەژین پێی دەوترێت تورکیا کە سەربەستترین وڵاتە لە جیهاندا. لەم وڵاتەدا تەنیا تورک ئاغاو فەرمانڕەوایەو ئەوانەی ناچنەوە سەر ڕەگەزی خاوێنی تورک، تەنیا یەک مافیان لەلای ئێمە هەیە، مافی ئەوە کە خزمەتکار بن، مافی ئەوە کە کۆیلە بن. با دۆستو دوژمنەکانمان هەروەها کێوەکانیش ئەو ڕاستییە تێبگەن) . دەقی ئەو قسانەی وەزیری ناوبراو لە ڕۆژنامەی (ملت) ی تورکی، ژمارە (1655)، ڕۆژی (19. 9. 1930) دا بڵاوکراوەتەوە.

کاتێک کە ئەمە بیروبۆچوونو هەڵوێستی وەزیری دادپەروەری تورک بێت بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، کە دەبوایە دادپەروەرانە بوایە، نەک بەچاوێکی سووکو بەخزمەتکارو کۆیلە ناویان ببات، دەبێت تورکی ئاسایی بەچ چاوێک سەیری کورد بکەن؟

ڕۆژنامەی (سون پۆستا) ی تورکی لەژمارەی (11. 4. 1946) دا نووسیبووی: (هیچ کاتێک کەمایەتی کورد لە تورکیا نەبووە، نە نیشتەجێو نە کۆچەری، نە خاوەن هەستی نەتەوایەتیو نە بێهەستی نەتەوایەتی) .

کاتێک کە حکومەت، گەلی تورکو تەواوی دامودەزگاو میدیاکانی دەوڵەتی تورکی دژ بەهەموو شتێکی کوردی بن، کەواتە کێشەی کورد لەباکووری کوردستان تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکیا نییە، بەڵکو لەگەڵ نەتەوەی تورکە، کە بەهیچ شێوەیەک دان بەبوونی کورددا نانێن وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆو جیا لەتورک! هەر ئەو باوەڕەشیانە تەنانەت ڕێگە بەوە نادەن کوردانی باکووری کوردستان (کوردانی ژێردەستی تورکیا) تەنانەت لە ئەوروپاو دەرەوەی تورکیاش بەزمانی کوردی بخوێنن، قسە بکەن، ناوی کوردی لەمنداڵەکانیان بنێن یاخود ناوێکی کوردی بۆ پیتزاو چێشتخانەکانیان هەڵبژێرن. بۆ نموونە سەدانجار کوردانی باکووری کوردستان بانگکراون بۆ باڵیۆزخانەی تورکی لە دانمارکو، زۆریان لێکردوون بۆئەوەی ناوی ئەو منداڵانەیان بگۆڕن کە لەدانمارک لەدایکبوونەو هەڵگری ناوی کوردین، یاخود ناوی پیتزاو چێشتخانەکانیان بگۆڕن کە کوردین، بە بیانۆی ئەوەی کە گوایە ئەو ناوانە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکو دابەشبوونی خاکی تورکیا! لەسەردەمی دەسەڵاتدارانی خەلافەتی عوسمانیدا، ئەگەر کوردەکان ڕاپەڕینایەو شۆڕشیان بکردایە، کافر دەبوون، ئەگەر گوێڕایەڵی بڕیارەکانی دەوڵەت نەبوونایە هەرچەندە دژی کوردو کوردستانیش بووایە، بێ هیچ مەرجێک تەلاقیان دەکەوتو بەدوژمنی ئیسلام ناوزەند دەکران! ئێستاش بەهەمان شێوە ئەگەر کورد ڕاپەڕێو شۆڕش بەرپا بکات لەدژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتییان، بەتیرۆریست دادەنرێن، ئەگەر گوێڕایەڵی یاسای کەمالیستی ڕەگەزپەرستو دژ بەکورد نەبن، ئەوە هاوکارانی تیرۆریستانو بەیەک چاو سەیر دەکرێنو بەتیرۆریست هەژمار دەکرێن !

جەمال گۆرسیل لە (27. 5. 1960) دا کۆدەتایەکی لەدژی حکومەتی (عەدنان مەندەریس) دا کردو دەسەڵاتی تورکیای گرتەدەست، لەوکاتیدا ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی (تایمس) ی بەریتانی لە گۆرسیلی پرسیبوو: (ئایا ئێوە دان بەمافی کوردەکاندا دەنێن؟) . لەوەڵامدا گۆرسیل گوتبووی: (ئایا تۆ مێژووت نەخوێندووە؟ نازانیت شتی وا وەکو کوردو کوردەواری لە تورکیادا نییە) . دەقی قسەکانی گۆرسیل لە ڕۆژنامەی (کیم) ی تورکی، ژمارەی (27. 4. 1961) دا بڵاوکراوەتەوە.

جەمال گۆرسیل، کە جەنەراڵێکی سوپای تورک بووەو، لەساڵی (1945) دا پەرتووکێکی بەناوی (ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتو مێژووی ڤارتۆ) دا بەچاپ گەیاندووە، سەبارەت بەکورد نووسیویەتی: (لەدونیادا هیچ نەتەوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ بەناوی نەتەوەی کورد نییە. کوردەکان نەک هەر هاونیشتمانی ئێمە (تورک) ن، بەڵکو برای ڕەگەزی ئێمەشن) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەقسەکانی جەمال گۆرسیل، سەرکردەکانی تورک، بەرپرسانی تورکو هاوولاتییانی تورک کێشەو دوژمنایەتی تورک بەتەنیا لەگەڵ (پارتی کرێکارانی کوردستان) نییە، بەڵکو کێشەو دوژمنایەتی ئەوان لەگەڵ سەرجەم نەتەوەی کوردە لە سەرانسەری جیهاندا. ئەی ئەوەنەبوو بەرپرسێکی تورک چەند ساڵێک بەر لەئێستا گووتی: (تەنانەت ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی لە ئەفریقاش دامەزرێت، ئێمە رازی نابینو دەیرووخێنین).

جەودەت سۆنای، سەرۆک کۆماری تورکیا لە نیسانی ساڵی (1967) دا سەبارەت بەکورد گوتبووی: (هەموو ئەوانەی لەسەر خاکی تورکیا دەژین تورکن، خۆ ئەگەر هی واهەبێ کە تورک نەبن، ئەوا دەبێ کۆچ بکەن).

بۆ دەوڵەتی تورکو تورکەکان هەموو کوردێک (پ.ک.ک) و تیرۆریستە، مادام مرۆڤ بڵێ من کوردم! خۆ ئەگەر مرۆڤ داوای مافی رۆشنبیری خۆی بکات وەکو کوردێک، ئەوکاتە مرۆڤ مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر لەتکردنی خاکی تورکیاو، دەبێت بەتاوانی ناپاکی مەزنەوە دادگایی بکرێت! ئەوان خوێندن، نووسین، قسەکردن، گۆرانی گووتنو مۆسیقا بەکوردی بەمەترسیو هەڕەشە لەسەر دابەشکردنی تورکیاو ئاسایشی نەتەوەیی تورک دەزانن. ئەی ئەوە نییە جەودەت سۆنای پێمان دەڵێت، ئەگەر خۆتان بەتورک نازانن، بڕۆن ئەم وڵاتە جێبێڵن؟

ئاخر ئەوان تەنیا دژ بەدەوڵەتی کوردی نین، بەڵکو دژی هەموو خەسڵەتێکی کوردیو ناوی کوردیشن، ئەی ئەوەنەبوو لەساڵی (1966) دا، کاتێک کە بوومەلەرزەیەکی توند شاری (ڤارتۆ) ی باکووری کوردستانی هەژاندو، وەزیری ناوخۆی ئەوکاتی تورکیا (خەلدون مەنتس ئۆغلۆ) سەردانی ناوچەکەی کرد کە هێشتا لاشەی قوربانییەکان لەژێر ماڵە رماوەکاندا مابوونو بریندارەکانیش دەیان ناڵاند، لەبری پرسەو سەرخۆشیکردن لە کەسوکاری قوربانییەکانو دڵدانەوەیانو هیواخواستن بۆ چاکبوونەوەی بریندارەکان، بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین بەسەریانیدا هاڕاندوو گووتی: (ئەو هەموو هاتو هاوارەتان لەپای چی؟ لێرەدا تەنیا سێ هەزار کەس مردووە. سەیری ڤێتنام بکەن، لەسەرەتای شەڕەوە تائێستا (30) هەزار کەس گیانی لەدەست داوە). خەڵکی ئەو شارە کوردییە کەوتنە نارەزایی دەربڕین لەقسەکانی وەزیر، کەچی ئەو ئەمجارەیان زۆر بێشەرمانەتر گووتی: (ئەوە چییە من دەنگی کۆمەڵێک ئاژەڵ دەبیستم، کە لەزاری هەندێک کەسی بەناو مرۆڤدا دەردەچێت (!.

تورکەکان چاویان کوێر دەبێت کاتێک کە دەبینن کەسێک بەکوردی قسە دەکات. تەنانەت ئێمەی کورد (هەتا ئەگەر خەڵکی کوردستانی باکووریش نەبیتو، دانیشتووی باشوور، رۆژهەڵات یان رۆژئاوای کوردستانیش بیت) کاتێک کە لەو ئەوروپا دیموکراتیو ئازادەدا بەکوردی قسە دەکەین، تورکەکان بێزار دەبنو، کەم کورد هەیە رووبەڕووی کێشە نەبووبێتەوە لەگەڵیان لەسەر قسەکردن بەزمانی کوردی یان کاتێک کە دەڵێین خەڵکی کوردستانین!

هەروەها لەساڵەکانی (1975) و (1976) دا دوو بومەلەرزەی تر، یەکەمیان لەشاری (لیس) ی کوردنشینی داو نزیکەی پێنج هەزار کوردی کوشتو، دووەمیان لەناوچەیەکی فراوانی پارێزگای (وان) ی باکووری کوردستانی داو نزیکەی (250-300) دێیی کاولکردو پتر لە دوازدە هەزار کەسی کوشت. وێڕای ئەوەی کە حکومەتی تورکی هیچ فریاگوزارێکی پێشکەش بەدانیشتوانی لێقەوماوی ئەو دوو ناوچە کوردییە نەکرد، بەڵکو لەلایەک رێگربوو لەگەیاندنی هەموو کۆمەکەکان، خواردن، یارمەتیو دەرمانێک کە لەسەرانسەری جیهاندا رەوان کرابوون لەگەڵ چەند نەخۆشخانەیەکی گەڕۆک. چارەگێکی کەلوپەلو خواردەمەنییەکان کە لەدەرەوەی وڵات هاتبوون نەگەیشتنە دەست لێقەوماوەکانو نەخۆشخانەکانیش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

حکومەت دەستی بەسەرداگرتن، لەلایەکی تریشەوە لەو کاتەدا جەندرمەو سەربازانی تورک لەماڵە ڕماوەکانو دێو شارەکاندا بەدوای چەک، پەرتووکی کوردی، زێڕ، زیوو پارەدا دەگەڕانو هەرچی دەستییان کەوتایە دەیانبردو، کوژراوو برینداراەکانیان دەرنەدەهێناو ڕزگاریان نەدەکردن.

قسەکردن بەزمانی تورکی تاوانێکی هەرە گەورەیە بۆ تاکی کوردو، خاوەنەکەی تووشی سزایەکی قورسی زینداانیکردن دەبێتەوە. نموونە یەکجار زۆرن، بەڵام تەنیا چەند نموونەیەکی زەق دەخەمەڕوو. شەرەفەددین ئاڵچی، کە لە بەهاری ساڵی (1981) دا وەزیری کاروباری گشتی بوو لەکابینەکەی (بوڵند ئەجەوید) ی تۆرانیو فاشیدا، تەنیا لەبەرئەوەی گوتبووی: (ئەز کوردمو، کورد لە تورکیادا بوونیان هەیە)، لەنیسانی هەمان ساڵدا بەتاوانی پڕوپاگەندەکردن بۆ کوردایەتیو لەتکردنی خاکی تورکیا درایە دادگاو سزای زینداانیکردنی چەند ساڵێکی بەسەردا سەپێنرا. ناوبراو پێشتریش لەسەر قسەکردن بەزمانی کوردی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەساڵانی (1978-1979) زیندانی کرابوو.

ساڵی (1994)، دادگای تورکی سزای زیندانیکردنی بە (15) ساڵ بەسەر (لەیلا زانا) و حەوت ئەندام پەرلەمانی تری کورددا سەپاندو بۆماوەی دە ساڵێک لەژووره تاریکەکانی زیندانی فاشییە تورکەکان مایەوە. لەیلا زانا، بۆجاری دووەم دادگای دەوڵەتی تورکی لەشاری (ئامەد)، سزای (5) ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپاند، بەتاوانی ئەوەی کە لە نەورۆزی ساڵی (2007) دا بەزمانی کوردی وتارێکی پێشکەش بەکوردەکانی شاری ئامەد کردووە. هەروەها هەمان دادگا، لەهەمان ڕۆژدا سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بۆ هەریەک لە (عوسمان بایدەمیر) ی سەرۆکی شارەوانی ئامەدو، (عەبدوڵلا دەمیرباش) ی سەرۆکی پێشووی شارەوانی سورێ بڕییەوە، بە تۆمەتی پارێزگاریکردنو هەوڵی پاراستنی زمانی کوردی. ئەو سزایانەی دەوڵەتی فاشیو نادیموکراتی تورکی، دەیسەلمێنن کە ئەوان سزایان بۆ هەموو ئەو کەسانە بڕیوەتەوە کە هەوڵی پاراستنی زمانی کوردی دەدەنو نایانەوێت زمانی بیست تا بیستو پێنج ملیۆن تاکی کورد لەتورکیا بفەوتێت !

ئاخر تورک ئەگەر وەرگێڕانی قورئان بۆ سەر زمانی کوردی بە کوفرو قەدەغە بزانن، لەکاتێکدا چەندین ساڵ پێشتر قورئان بۆ سەر زمانی چەندین نەتەوەی ناموسڵمانو بەقسەی ئەوان زمانی کافران وەرگێڕدرابوو، بێئەوەی یەک گلەیی بکەن یان نوزەیەکیان لێبێت! ئەوە لەکاتێکدا کە بەشێکی زۆری نەتەوەی کورد کە دەگاتە نزیکەی (75%) ی دانیشتوانی کوردستان موسڵمانن، کەچی بۆ دەبێت بە بۆچوونی تورکەکان وەرگێڕانی قورئان تەنیاو بەس بۆ زمانی کوردی کوفرو ناشیاو بێت؟ ئەگەر ئەوان بەچاوی دوژمن سەیری هەموو کوردێک ناکەن؟ تورک بۆ وا بیر دەکەنەوەو تا ئەو ڕادەیە لەکوردو زمانەکەی دەترسن؟ پاشان تورکەکان دەبێت چ مافێک یان داخوازییەک بەکورد بەڕەوا بزانن لەناو سنووری تورکیا (کە بەشێکی زۆری خاکەکە خاکی کوردە، کە بە باکووری کوردستان ناسراوە) یان لەدەرەوەی سنووری تورکیا، کاتێک کە ئەوەندە دژایەتی کوردو کوردستان بکەن؟

تێناگەم! چۆن سەرکردە، بەرپرس، پارتو حکومەتی کوردیو کوردستانی دەتوانن ڕێگە بەخۆیان بدەنو بڵێن: (حکومەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، حکومەتێکی دیموکراتییە)، لەکاتێکا کە ئەو هەموو ستەمو چەوسانەوەیەی سەدان ساڵەی تورکەکان بەچاوی خۆیانەوە دەبینن، بەحکومەتی ئەردۆگانیشەوە؟ لەکاتێکدا کە تەنانەت کەسایەتییەکی وەکو (هێنری کیسینجەر) ی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکا، لەنیسانی ساڵی (2005) دا، گاڵتەی بەتورک کردبوو، کە بەتەوسەوە پێی گوتبوون: (پێشنیاری ئەوە دەکەم، لەپێناوی چارەسەرکردنو سەقامگیری ئاشتی ناوچەکەو دۆزینەوەی چارەسەرکردنی گونجاو بۆ کێشەی نەتەوەو ئایینزا چەوساوەکان، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕادەستی تورکیا بکرێت) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یان سەرکردەکانی کورد، چۆن زاتی ئەوە دەکەن داوای چەکدانانو ئاشبەتاڵ لە (پ.ک.ک) بکەن؟ چۆن دەتوانن (پ.ک.ک) بەڕێکخراوێکی تیرۆریستی دابنێن، کاتێک کە ئەوان سەرەڕای هەموو هەڵەو کەموکورییەک داکۆکی لەبوونو مانەوەی زۆرتر لە بیستو پێنج ملیۆن کوردی باکووری کوردستان دەکەن؟ چۆن دەتوانن شانبەشانی جەندرمەو سوپای فاشی تۆرانییەکان هێرش بکەنە سەر پارتیزانانی (پ.ک.ک) ؟ کە گومانی زۆرم هەیە لەژێر فشارو هەڕەشەی دەوڵەتی تورکیا، بەشداری هێرش دەکەن بۆ سەر قەندیل. هەر لایەنێکی کوردیو کوردستانی کارێکی وا بکات، ئەوە بەدڵنیاییەوە هیچ جیاوازییەکی نابێت لەگەڵ سوارەی حەمیدی، کە هیوادارم هیچ لایەک چۆکدانەدات لەژێر فشارو هەڕەشەکانی فاشیو تۆرانییەتدا، چونکە ڕێگای چوونە سەر (پ.ک.ک) بۆ قەندیل بە دهۆک، موسڵ، هەولێر، کەرکوکو سلێمانیدا ناڕواتو، سەرکردایەتی کورد دەتوانن لەکاتی ناچاریو بێدەسەڵاتیدا بەتورکیا بڵێن: (ئەگەر هەر دەتانەوێت بچنە سەر قەندیلو (پ.ک.ک)، ئەوە لەناو تورکیاو لەدیوی خۆتانەوە نزیکترو ئاسانترە نەک بە باشووری کوردستاندا) .

دڵنیاشم لەم ڕۆژگارەدا تورکیا ناتوانێت بێتە ناو باشووری کوردستان، چونکە ئەمەریکاو هەموو جیهان باشووری کوردستان بە بەشێک لە ئێراق دەزانن، پاراستنی تەواوی سنووری ئێراقیش لەئەستۆی دەوڵەتی ئەمریکا دایە. هاتنە ژوورەوەی تورکیاش بۆ باشووری کوردستان بەقسەی ئەمەریکاو هەموو جیهان واتە تێکدانی باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان، کە ئەوان بەتاکە ناوچەی ئارامی دەزانن لە ئێراقدا. بەمەش ئەمەریکا تووشی شکستێکی گەورەتر لەشکستی خۆی لەچەشنی شکستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە (ڤێتنام) دەبێتەوە! ئایا ئەمەریکا کامیان پەسند دەکات، شکستێکی گەورەتر لە شکستەکەی ڤێتنام لە ئێراق، لەئەنجامی هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ باشووری کوردستان؟ یان بێدەنگیو وەڵام نەدانەوەی تورکیا کە لەلایەک دەبێتە هۆی سەرەکی شکستهێنانی ئەمەریکا، لەلایەکی تریشەوە بەگوێرەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، پاراستنی تەواوی سنوورو دەوڵەتی ئێراقی بە باشووری کوردستان-یشەوە لەئەستۆی ئەمەریکادایە؟

**بۆ ئەم نووسینەم سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:**


- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری قەومیەتی ڕۆژهەڵاتیو نەبیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییە، بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە، چاپی دووەم، لەندەن، بەریتانیا 2002.
- شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، هەژار کردوویە بە کوردی، لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لەچاپدراوە، چاپخانەی نوعمان، نەجەف، ئێراق 1972.
- دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو، کوردستانو کورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیو ئابووری، وەرگێڕانی عەبدوڵڵای حەسەن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا 1973.
- دکتۆر گوینتەر دیشنەر، کورد: گەلی لەخشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی بۆ عارەبی عەبدولسەلام بەرواری، وەرگێڕانی بۆ کوردی حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر – باشووری کوردستان 1999.


ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.